# نارنج

وەکو (ماء الزهر)کەلە گوڵە سپیە بۆندارەکانی دەردەهێنرێ سەرەڕای چەوریەمادەی(نیرۆلی)یش کەهەر لەگوڵەکانی داهەیە، بەری نارنج وەکو پرتەقاڵە بەڵام زیاتر خڕیلەو پان بۆوەو دڕێژ کۆڵەیەو پڕنە ناولەپی مرۆڤە هەربۆیەشە بەبۆمبی دەستی (القنبلة الیدویە) دەڵێن (نارنجۆک).

نارنج یاخوود(ابوالصفیر) درەختێکی هەمیشە سەوزەو سەر بەهۆزی ڕووەکە مزرەمەنیەکانە(الحمضیات) لەبنەڕەتدا لەوڵاتی چین پەیدا بووەو پاشان بەناو وڵاتانی دەریای سپی ناوەڕاست دا بڵاوبۆتەوە تا گەیشتۆتە زۆربەی وڵاتانی کیشوەری ئاسیاو باشووری ئەورووپاو فلۆریداو ئەمریکا، تەنانەت خودی ئەورووپییەکان نارنجیان پێش پرتەقاڵ ناسیوە بەسێ سەدە زووتر، بەری نارنج وەکو پرتەقاڵە بەڵام زبرو دڕترەو سوورترە و بۆخواردن بەکارنایەت چونکە کرۆکەکەی زۆرترش و مزرە بەڵام دەکرێتە مرەباو جۆرەها بۆن و بەرام و چەوریەمادەی لێ دەردەهێنرێ

**ئا/ لەتیف قادر نانەکەلی**

# ڤایرۆسێکی کوشندە لەئاژەڵەکانی شارۆچکەی دووزخوورماتووی داوە

**جەمشید زەنگەنە ڕاپۆرت بۆ خەبات:**

دکتۆر عەدنان سەید شکور گەرمکی بۆ خەبات ی ڕاگەیاند بەپێی ئامارێک دوای پرۆسەی ئازادی ئێراق تا ئێستا ڕێژەی بەخێوکردنی ئاژەڵداری لەسنووری دووزخوورماتوو بەڕێژەیەکی زۆر کەمی کردووە هۆکارەکەشی بۆ چەند خاڵێک دەگەڕێتەوە یەکەم هاوکاری نەکردنی حکومەتی ئێراقە، وە ئێستا ڤێتێرنەری دووز خوورماتوو کارو هەوڵیان خستۆتە گەڕ بۆ ئەوەی زیاتر نەخۆشیەکە تەشەنە نەکات.

* وەک بیستومانە سالێ پار ئەم نەخۆشیە زۆری لەئاژەڵەکانی دووزخوورماتووی کووشتووە دکتۆر عەدنان گوتی: سالێ پار هەمان شێوە ڤایرۆس دای لەئاژەڵ و بووە هۆی کوشتنی ئاژەڵەکان وای کرد کە ئاژەڵ لەسنوورەکەمان کەمبێتەوە بەتایبەتی نەخۆشی شەلکە کە زۆر کاری گەرە وەنەخۆشی شەلکە یەکێکە لەڤایرۆسەکان وەڕێژەی مردنیان زۆر دەبێت.
* ئایا ئەو نەخۆشیە بەزۆری ئاژەڵی بچووک زوو دەیگرێ یان گەورەکان
دکتۆر عەدنان گوتی: کاریگەری زۆری لەسەر ئاژەڵە بچووکەکان دەبێت وەک بەرخو کارو گوڵک، بەرگەی ناگرن ئەگەر خاوەن ئاژەڵەکان زوو فریایان نەکەون دەست بەجێ دەمرن بەڵام ئاژەڵە گەورەکان لەبەر ئەوەی تەمەنیان گەورەترە بۆ ماوەیەک بەرگە دەگرن تاکو چارەسەر دەکرێن.
* ئایا نیشانەکانی چیبە:
دکتۆر عەدنان گوتی: نیشانەکانی یەکەم ئاو بەدەمیەوە دێتەخوارەوەو دووەم پلەی گەرمای ئەو ئاژەڵە بەرز دەبێتەوە سێیەم ئاژەڵەکان بەگێژی دەسووڕێنەوە بەمانای ئەوەی گێژ دەبن.
* وەک پێویست چارەسەر دەکرێن
- لە وەڵامدا دکتۆر عەدنان گوتی کووتانەکان لەکاتی خۆیاندانین لەبەر ئەوەی لەپارێزگای سەلاحەدینەوە درەنگ دەگاتە دەستمان و لەکاتی خۆی ناگاتە دەستمان، ئەو کاتە دێت کەنەخۆشییەکە بڵاوبوەتەوەو بەئاسانی کۆنترۆڵ ناکرێ وەخاوەن ئاژەڵەکانیش ناچار دەبن ئەو کاتە پەنابەرنە بەر کلینکە تایبەتەکان ئەو کلینگانەش ئەو کوتانە بەکار دێنن کەلە سەرچاوەیەکی زانستیەوە نیە بۆیە لەوانەیە زیاتر تەشەنە بکات لەناوچەکە زەرەروو زیانی زیاتر بێت ناوبراو گوتی: نەخۆشیەکان 100% ئاژەڵەکانی ناوچەکە تووشی بوونەتەوە لە 50% تاکو 60% تی ئاژەڵی کوشتووە.
* ئایا ئێستا وەک پێویست دەرمان هەیە
دکتۆر عەدنان گوتی:ئێستا دەرمان هەیە بەڵام بەو ڕێژەیەنیە کەبتوانین هەموو پێداویستی خاوەن ئاژەڵەکان تەواو بکەین بۆیە داوای ئەوە دەکرێ کەلەسەر سنوورەکانەوە چاودێری زیاتر دابندرێ بۆ ئەوەی کە نەخۆشی نەیەتە ناو وڵاتمانەوە.
* نزیکەی چەند کێڵگەی پەلەوەرتان هەیە لەسنوورەکەتان نزیکەی 70 کێڵگەی پەلەوەر هەیە لەسنوورمان بەڵام ئەوانەی کەلەکاردان زۆر کەمن لەبەر ئەوەی نەخۆشی crd زۆر هەیە. پێویستە ئەوە بڵێین کە دووز خوورماتوو دەکەوێتە باشووری کەرکووکەوە ژمارەی دانیشتوانەکەی 180 هەزار کەسە لەکوردو تورکمان و عەرەب پێکهاتووە ئەو باژێرە سەر بەپارێزگای سەلاحەدینەو یەکێکە لەناوچە جێ ناکۆکەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئێراق.

# ڕەوشا چاندنێ ل پارێزگەها دهوکێ د سالا بوری د نەهـ تەوەرادا

**محەمەد ئیبراهیم ئامێدی**

د سالابوریدا ڕێڤەبەریا گشتی یا چاندنێ ل پارێزگەها دهوکێ دگەلەک بیڤادا کارو پروژێن چاندنێ پێن ئەنجامداین زێدەباری پێشکێشکرنا باشتر خزمەتێن چاندنێ بو جوتیاران پێخەمەت خورتکرنا کەرتێ چاندنێ سەخمەراتی بلندکرنا ئاستێ چاندنێ و بەرهەمێ چاندنێ و بەرەف گەشەپێدانێ ڤەبجین ب مەرەما دابینکرنا ئاسایشا خوراکی ل دەڤەرێ.

ئەو کارو خزمەت و پرۆژێن هاتینە ئەنجامدان ئەڤەنە:

**خزمەتێن چاندنێ:**

* بەلاڤەکرنا 45 ئامیرێن ئاڤدانێ پێن هەمەجۆر ژ ئاڤدانا 5 دونەما تا 20 دونەما لسەر 45 جوتیاران
* پروژێ هاریکاریان چاندنا 400 دونەما بدەرامەتێ گەنم شامی بو 6 جوتیاران ل 6 گوندان.
* دورینا 3056 دونەمێن گەنمی بهاریکاری بو 29 جوتیارا ل 105 گوندا.
* مەزاختنا 2.164.000.000 دوو ملیارو سەدو شیست و جوار ملیون دیناران بو ڤەگوهاستنا بەرهەمێ 1800 جوتیاران ل 455 گوندان.
* کوژمێ 3.117.317.500 سێ ملیارو سەدو هەڤدە ملیون و سێ سەدو هەڤدە هزار دینار هاتینە تەرخانکرن بو سلفا بانکا چاندنێ بو بروژێن چاندنێ پێن جوتیاران.
* دابەشکرنا 2000 تەنێن توڤێ گەنمی لسەر 1600 جوتیاران ل 120 گوندان و دگەل 2500 تەنێن جەهی لسەر 2000 جوتیاران بهاریکاریا 50%.
* دابەشکرنا 8100 مخەلەفێ توڤێ باجان سورکا ورەشکا و خیاران لسەر ژمارەکا باش یا جوتیاران. دگەل 6360 سندوقێن پلاستیکی.
* دابەشکرنا 14000 جوارده هزار تەنێن زبلێ کیمیاوی پێن هەمەجور بهاریکاریا 50%.
* هاریکاریا جوتیارێن دەڤەرێن ڤەڤەتیای د بیافێ دابنکرنا هندەک خزمەتێن چاندنێ.

**شیرەتکاریا چاندنێ:**

* ڤەکرنا 120 خولێن فێرکردنێ پێن شیرەتکاریان چاندنێ پێن هەمەجور بو 2040 جوتیاران
* ڤەکرنا خولەکا بسپورایەتیێ بو 20 جوتیاران دگەل 3 خولا بو لیژنا زانستی بو 60 بەژداران.
* ڤەکرنا 10 خولا بو 200 فەرمانبەران.
* سەردانا 1000 جوتیاران ل ناف زەڤی و زارێن 250 گوندان
* گرێدانا 29 کورا بو 595 بەژدارا ژ جوتیاراو فەرمانبەران.
* چاڤ پێکەفتنێن شیرەتکاریێ دگەل 1280 جوتیاران دگەل گرێدانا 45 کورێن شیرەتکاریا چاندنێ بو 900 جوتیاران.
* دانانا 19 ڕوهنکرنێن کێلکەی سەرب چاندنا سپیڤا- مێشا هنگڤینی- مریشکا هیک کەر- خودانکرنا بەزی - پاراستنا ڕووەکی- چاندنا تویا ئەردی (شلێک).
* دانانا 60 نامیرێن ئاڤدانا ب دلوپ بو جوتیارایێن کانی ماسێ و باتیفا دگەل جێکرنا ژمارەیا بیستانێن سیڤا ل دووف بەروەردەکرنێ لسەر تێلێ.
* مەزاختنا 25.000.000 بیست و پێنج ملیون دیناران بۆ جێبەجێکرنا بەرنامێن شیرەتکاریا چاندنێ.

**پاراستنا ڕووەکی:**

* دابەشکرنا کوژەکێن کیمیاوی بۆ پاراستن و چارەسەریا نەخوشیا و مێشومووران و دەغەلان یێن دارو باری و دەرامەتی و زەرزەواتی.
* بەلاڤەکرنا 1024 شانێین مێشا هنگڤینی ل سەر 491 مێشەڤانا دگەل 5500 کغم شەمایێ و 486 دەستێن جلوبەرگێن هنگەڤانان.
* دابەشکرنا 1346 مرەشێن هەمەجورێن پاراستنا ڕووەکی بو ڕەشاندنا کوژەکێن کیمیاوی.

**خزمەتێن سامانێ ئاژەڵی:**

* دابەشکرنا 1.992.777 ملیونەک و نەھ سەدو نوت دوو هزارو حەفت سەدو حفتێ و حەفت لترێن گازوایلێ لسەر 78 پرۆژێن پەلاوەران.
* کوژمێ 1.641.600.000 ملیارەک و شەش سەدو چل و ئێک هزارو شەش سەد هزار دینار هاتینە تەرخان کرن بۆ سوتەمەنیا بو پرۆژێن پەلاوەرا پشتەڤانی 100% بێ بەرامبەر.
* دابەشکرنا 12000 تەنیێن جەهی ل سەر خودانێت مەرو مالاتی ب پشتەڤانی 50% دگەل دابەشکرنا 300 تەنێت سڤیێ.
* نویکرنا ژمارەکا مەزن یا دەستویرێن پرۆژێن خودانکرنا پەلاوەراو ئاژەلی و ماسیان.
* سەردانا 362 پرۆژێن خودانکرنا مریشکا دگەل 56 ڤەدیتنا بو پرۆژێن سامانێ ئاژەلی یێن هەمەجۆر.

**ئەندازەی و ئافاکرنا پروژان:**

* ب گوزمێ 4.480.510.220 دیناران ژمارا 16 پرۆژێن ئافاهیێن چاندنێ یێن هاتینە ئەنجامدانی و 10 ژوان 100% یێن هاتینە ئەنجامدان و 6 یێن قوناغا جێبەجێکرنێ د ب ڕێژا 55% وەکو ئومبارێن تەزیاتێن - کارگەها زەیتێ- کارگەها ئالفێ ماسیا- ئاڤکرن و دانانا 76 خانیکێت پلاستیکی دگەل نیژەنکرنا ژمارەکا ئافاهیێن چاندنێ.

*** خزمەتێن ڕێڤەبەریا زەڤی و زاران:**

تەرخانکرنا ڕووبەرێ ئەردێ پێتاقی بو 8 پرۆژێن هەمەجۆر وەک کارگەهو گورەپانا دگەل کرێ کرنا 217 دونەمێن ئەردی بو 45 چاندنێ یێن هەمەجۆر هەروەسا کوژاندنا (إطفاء الحقوق التصرفیە) ل سەر عەردێ بو ژمارەکا دامودەزگەهێن میری..

جێبەجێکرنا یاسا 32 یا سالا 2007 تەسویە ل 4 کەرتا ل ناحیا مانگێشکێ دگەل یاسا 1 یا سالا 2008 ل 6 کەرتا ل دەڤەرا سێمێلێ و باتیلێ و زاخۆ.

* هەژی گوتنێیە کو گوزمێ 100000000 دینارا هاتنە مەزاختن بو کارێ جێبەجێکرنا هەردوو یاسا

*** چاندنا ڕووبەرێ 879219 دونەما بدەرامەتێ زڤستانێ 714420 دونەم گەنمێ دێم و 64448 دونەم گەنمێ ئافی دگەل 157415 دونەم بدەرامەتێ جەهی ڕووبەرێ دی بدەرامەتێ نیسک و نوک و باقلک و پتات و گەنمێ شامی و گول بەروژ و زەرزەواتێ زڤستانی.**

*** چاندنا ڕووبەرێ 87637 دونەم بدەرامەت و زەرزەواتێ هاڤینێ.**

## ڕێنمایی کشتوکاڵ

### باخداری

1- تاوەکو نیوەی ئەم مانگە ڕشاندنی زستانە بۆ داری گەلاوەریو بەردەوام دەبێت.
2- لەم مانگەشدا بەردەوام دەبین لەدامەزراندنی ڕەزی تازە.
3- هەڵپاچینی (بڕین) داری بەر بەردەوام دەبێت.
4-جۆگەی ئاو جۆمالّ و خاوێن دەکرێتەوە.
5-لەسەرەتای ئەم مانگەدا شوبات ڕەز پەینی کیمیایی لێدەدرێت.

### گەنم و جۆ

1- هەر کە گەنم وجۆ بنجیان کرد، بڕی دووەمی پەینی نایتروجین بە بڕی 10-20 کگم یوریا بۆ یەک دۆنم زەوی دەدرێتێ.
2-قڕتێنەرەکان مشک و جرج بەبەردەوامی لەکێڵگە قەلاچۆ دەکرێن.
3-لەقۆناغی سێ پەلکەدا کژۆگیای گەلاباریک و گەلاپان قەلا چۆ دەکرێت.
4-بەپێ ی پێویست چەکەرە خۆری گەنم قەلاچۆ دەکرێت.
5- زوو زووە سەردانی کێڵگە دەکرێت بۆ پشکنینی.

**ئامادەکردن و وێنە/ ل. کشتوکاڵ**